# دەزگای خێرخوازی بارزانی لە دابەشکردنی ئازووقە بەسەر ئاوارەکان لە سەرجەم کەمپەکان بەردەوامە



لە درێژەی دابینکردنی بەشەخۆراکی ئاوارەکان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرنامەی جیهانی خۆراک بەشەخۆراکی 2420 خێزانی ئاوارەیان لە زومار و کەمپی گەرماوەی سەر بە قەزای شێخانیان دابینکرد.

ڕێکەوتی 16ی ئاداری 2017 هاوکات لەگەڵ یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهیددا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشەخۆراکی مانگی سێی 2420 خێزانی بە هەماهەنگی بەرنامەی جیهانی خۆراک دابەشکرد.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرنامەی جیهانی خۆراک مانگانە بەشەخۆراکی 23 هەزار خێزانی ئاوارە دابین دەکەن، هەربەشەخۆراکێک پێک دێت لە 73 کیلۆگرام خۆراکی وشک.

پرۆگرامی جیهانی خۆراک لە ساڵی 1961 دامەزراوە و لقێکی سەربە ڕێکخراوی جیهانی UNو گەورەترین ڕێکخراوی ئینسانی جیهانییە بەناوی hunger and promoting food security.

لە یادی هەڵەبجەی شەهیددا 158 منداڵە شەهید هاوکاری کران

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی قۆناغی سێیەمی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا بە سپۆنسەری وڵاتانی سعودیە و کوێت هاوکاری مانگانە بۆ 5 هەزار منداڵە شەهدی دەستی تیرۆرستانی داعش دابەش دەکات.

ئەمڕۆش لە یادی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەدا و شەهید بوونی 5 هەزار هاوڵاتی بێ گوناحی ئەو شارە، هاوکاری ماددی پێشکەشی 158 منداڵە شەهیدی دەستی تیرۆریستانی داعشی کرد و لە داهاتووشدا مانگانە لە چوار چێوەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا هاوکارییەکانی بۆ ئازیزەکان بەردەوام دەبێت.

جێگای ئاماژەیە بۆ هەر خێزانێکیش پارسێلی خۆراک دابین کرا و ڕێز لە یادی شەهیدانی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە گیرا.

پرۆژەی چاودێری ئازیزان لە ساڵی 2011 بە سپۆنسەری مانگی سووری ئیماراتی و وڵاتانی کوێت و سعودیە و کەسانی خێرخوازیی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، هەتا ئێستا 17 هەزار منداڵی بێباوک (ئازیز) لەو پرۆژەیە سودمەند بوون.

# بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی کرد



بۆ گەیاندنی پیرۆزبایی22 ـەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان، ئێوارەی دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی بەیاوەری ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەییان لە شاری هەولێر کردو لە لەلایەن غەفور مەخموری سکرتێری یەکێتی نەتەوەی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران. لە دیدارێکدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی پیرۆزبایی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەواوی کادیر و ئەندامانی کرد و تەئکیدی کردەوە لە کاتێکدا ئەمڕۆ یەکێتی نەتەوەیی یادی دامەزراندنی دەکاتەوە ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەی هەموولایەکمان قورستر بوە بۆ داکۆکی کردن لەسەر داخوازییەکان و گەیشتن بەمافی سەربەخۆی گەلی کوردستان، هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی هیوای خواست ئەم یادە هاندەرێکی دیکە بێت بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی یەکێتی نەتەوەیی لە پێناو خەبات و تێکۆشانی زیاتر بۆ یەکڕیزی نیشتمانی گشت لایەنەسیاسەکان و خەلکی کوردستان، هاوکات سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی هەولەکانی سەرۆکی کوردستانی لەروبەروبونەوەی شەری داعش و هەنگاوە دبلۆماسیەکانی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی گەلی بەبەرزی دادەنێین پالپشتی لێدەکەین، هەرلەودیدارەدا هەردوولا جەختیان لەپاراستنی دەستکەوتەکان و هاوهەلوێستی نەتەوەی لە بەرامبەر پرسە چارەنوسازەکان کردەوە.

## هاتنی ئاوارەی نوێ بۆ کەمپەکان بەردەوامە

# هاوکاری 500 خێزانی کەم دەرامەتی سۆران و ڕەواندز دەکرێت



دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، هاوکاری 500 خێزانی کەم دەرامەتی لە سۆران و ڕەواندز کرد. ڕێکەوتی 2017/3/16 تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە یادی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەی شەهید دا بە جۆرەها چالاکی ئەو ڕۆژەیان بەرزنرخاند و لە ڕەواندز و سۆران هاوکاری خۆراکییان بۆ 500 خێزانی کەم دەرامەت دابینکرد.

جێگای ئاماژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە کەمپەکانی دیبەگەدا سەنتەری هەڵەبجەی شەهیدی بەو بۆنەوە کردەوە و کارمەندەکانی لە سەرجەم ئۆفیس و کەمپەکاندا پێنج خولەک بەبێ دەنگی بۆ ڕێزگرتین لەو یادە بە پێوە وەستان.

لە پارێزگای هەڵەبجەدا ڕێز لەو یادە گیرا و هاوکاری ماددی پێشکەشی 157 منداڵە شەهیدی دەستی تیرۆریستانی داعش کرا.

لەلایەکی دیکەوە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرنامەی جیهانی خۆراک بەشەخۆراکی 556 خێزانی ئاوارەیان لە شارەدێی کەلەک دابینکرد. ڕێکەوتی 18ی ئاداری 2017 لە درێژەی دابینکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی ئاوارەکان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشەخۆراکی مانگی سێی 556 خێزانی بە هەماهەنگی بەرنامەی جیهانی خۆراک دابەشکرد.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرنامەی جیهانی خۆراک مانگانە بەشەخۆراکی 23 هەزار خێزانی ئاوارە دابین دەکەن، بەرنامەی جیهانی خۆراک لە ساڵی 1961 دامەزراوە و لقێکی سەربە ڕێکخراوی جیهانی UNو گەورەترین ڕێکخراوی مرۆیی جیهانییە بەناوی hunger and promoting food security.

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژانە بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکان ژمارەیەکی زیاتری خەڵکی موسڵ ئاوارەی سنووری هەرێمی کوردستان دەبن و لە ماوەی مانگی سێدا شەپۆلێکی بەرفراوانی ئاوارەکان ڕوویان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە کەمپی نێرگزلی پێشوازییان لە 342 ئاوارەی نوێ کرد، کە بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە ئاوارە بوون. لە گەڵ درێژبوونەوەی پرۆسەی ئازاد کردنەوەی موسڵ، ژمارەیەکی زیاتری خەڵک ئاوارە دەبن و بەهۆی نالەباری کەمپەکانی سنووری ئیدارەی عێراقی، ئاوارەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە پێشوازیی ئاوارەکانەوە دەچێت، جێگەی مانەوە و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین دەکات.

# کارگەی برنجی ئاڵدان لە ناوچەی تانجەڕۆی شاری سلێمانی کرایەوە



بەئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارگەی برنجی ئاڵدان لە ناوچەی تانجەڕۆی شاری سلێمانی کرایەوە کە بڕی یەک ملیۆن دۆلاری تێچووە و توانای پاککردنەوەی 100تۆن چەڵتوکی هەیە لە یەک ڕۆژدا.

لەدوای کردنەوەی کارگەکە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، عەبدولستار مەجید لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "دروستکردنی کارگە و بەتایبەتیش بۆ پیشەسازی خۆراک بۆخۆی گرنگی تایبەتی هەیە، هەروەها کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان پێناوەتە قۆناغێک کە لەمەودوا پێویستی بە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی هەیە".

گوتیشی: "لە ئێستادا بەرهەمی ناوخۆیی زۆر زیادی کردووە، دڵنیاشین کە ئەمساڵ بەرهەمی ناوخۆیی بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو زیاتر دەبێت و بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیش ئێمە چەند ڕێگایەکمان لە پێشە، یەکەم هەوڵدان بۆ ئەوەی بەرهەمەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ساغبکرێتەوە. دووەم دەبێت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا بەرهەمەکانمان ساغبکەینەوە بۆئەوەی کەمتر پشت ببەستین بە بەرهەمی هاوردە، بەڵام ئەوەش پێویست دەکات کە بەرهەمەکانمان بەرهەمی نایاب بن و کوالیتی بەرز بێت. سێیەمیش ئەوەیە کە دەبێت بەرهەمەکانمان بەپیشەسازی بکەین کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدایە و کردنەوەی ئەم کارگەیەش یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان".

عەبدولستار مەجید داواشی لە بەڵێندەران و کۆمپانیاکان کرد هەوڵبدەن بۆ دروستکردن و دامەزراندنی کارگە لە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی بەرهەمەکان ساغبکرێنەوە.

هەروەها وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو داوای لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان کرد بەرهەمەکانیان باش بکەن، بۆ ئەوەی چیتر پشت بە وڵاتانی دەرەوە نەبەستن بۆ دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

ناوبراو راشیگەیاند "کارگەی برنجی ئاڵدان پێویست بوو بۆ هەرێمی کوردستان چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی زۆرمان هەیە و چەڵتوکی لێ بەرهەم دەهێنرێت بۆیە دەکرێت لەمەودوا ئەم کارگەیە سوود لە چەڵتوکەکەی خۆمان ببینێت تاوەکو بکرێتە برنج و کەمتر پشت بەچەڵتوکی دەرەوە ببەستین".

# ئارام شوانی: ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان روو لە ناوچەکەمان دەکەن

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، ئارام شوانی ڕاگەیاند "لەگەڵ هاتنەوەی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان وەک گەشتوگوزاری سلێمانی ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان روو لە ناوچەکەمان دەکەن و چەندین لیژنە دروست کراون، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە لیژنەکانمان کەم کردوەتەوە، هەروەها وەک گەشتوگوزاری سلێمانی ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ جەژنی نەورۆز بەئامادەکردنی ڕێبەری و نەخشە و ڕێنماییەکان کە بەسەر گەشتیاراندا دابەش دەکرێت".

ئارام شوانی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو زیاتر لە 12هەزار گەشتیار سەردانی سنووری پارێزگای سلێمانی-یان کردووە کە زۆرینەیان گەشتیاری ئێران کە بەبۆنەی نەورۆزەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی کردووە".



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، گوتیشی: "ئێمە وەک گەشتوگوزاری سلێمانی پێشبینی هاتنی گەشتیاران دەکەن بەڕێژەیەکی زۆر لەچاو ساڵانی ڕابردوو، بەوەی لە ساڵی ڕابردوو لە بۆنەی نەورۆزدا نزیکەی 27هەزار گەشتیار ڕوویان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کردبوو، بەڵام ئەمساڵ کە هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوەی زیاتر لە 12هەزار گەشتیار ڕوویان لە ناوچەکەمان کردووە، بۆیە پێشبینی دەکەن ئەمساڵ هاتنی گەشتیار زیاتر بێت لەچاو ساڵانی ڕابردوو".

ئارام شوانی ئەوەشی گوت "لەگەڵ هاتنی چەکدارانی داعش هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانی دارایی بوویەوە ئەوەش وای کرد کە هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان کەم بکات، بەڵام ئەمساڵ داعش بەرەو نەمان دەڕوات، ئەوەش هۆکار دەبێت کە هاتنی گەشتیاران روو لە زیاد بوون بکەن و، وادەکات قەیرانی دارایی روو لە کزبوون بکات و داهاتێک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆ بکرێتەوە".